Implemented by: KFW

# هەناردەکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکان

## ئاستەنگەکان و چارەسەرە پێشنیازکراوەکان



A2F Access to Finance

## خستنەڕووێکی گشتی

هەناردەکردنی بەرهەم و کاڵا لە عێراقەوە ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ئاڵنگاری جۆراوجۆر دەبێتەوە کە ڕێگری لە توانای وڵاتەکە دەکات بۆ چوونە نێو بازاڕە جیهانییەکان. کار و بزنسەکان چەند ڕێسا و یاسایەکی ئاڵۆزی بەڕێوەبردنیان بۆ دانراوە، هاوکات گیرۆدەی بەربەستە بیرۆکراتییەکانن کە ئەمەش هەڕەشەی ڕێگریکرن لە خواستی هەناردەکردنی بەرهەمەکانیان دەکات. دەستڕاگەیشتن بە بازاڕەکانی دەرەوە قورسە، هەبوونی بەربەستە بازرگانییەکان و هەبوونی تەنیا چەند خاڵ و دەروەچەیەکی دیاریکراوی هەناردەکردن پرۆسەکە ئاڵۆزتر دەکەن. بەڵام لە نێوان ئەم تەحەددایاتانەدا هێشتا دەرفەتی گەشەکردن و داهێنانیان هەیە. لە ڕێگەی هاوکاری و هاوبەشیکردنی ستراتیژی و خۆڕاگری و تازەگەریەوە، کار و بزنسە عێراقییەکان ئامادەیی تێپەڕاندنی ئاستەنگەکانیان تێدایە.

## بەهێزکردنی گفتوگۆ لە نێوان کەرتە گشتی و کەرتی تایبەتی سەبارەت بە بابەتی بازرگانیکردن

بۆ بەشداریکردن و ڕۆڵبینین لە شیکردنەوە و دانی پلانی کارکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەربەستەکانی بەردەم هەناردەکردنی بەرهەم لە عێراق، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) سەرکردایەتی هەوڵێکی هاوبەشی نێوان ئەندامانی ژووری بازرگانی و ژوورە پیشەسازییەکان، خاوەن کارەکان و لایەن و هاوبەشە پەیوەندیدارەکانی حکومەت لە عێراقدا کرد. لەم چوارچێوەیەش دا، ڕێکخراوی IOM بەوریاییەوە ٢٧ کار و بزنس و پرۆژەی بچووک و مامناوەندی هەڵبژێرارد کە لە سەرانسەری هەشت پارێزگاری عێراق لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و بەرهەمهێناندا کاردەکەن، ئەو کارو بزنسانەش بۆ پێدانی هاوکاری دارایی لەلایەن سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF) ی ڕێکخراوی (IOM) وە پەسەندکرابوون. کۆبوونەوەکان و گفتوگۆکان و دروستکردنی پەیوەندییەکان بوونە هۆی ئەوەی بیرۆکەی وۆرکشۆپێکی فراوانتر دروست بێت کە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بەیەکەوە کۆبکاتەوە بۆ دەستنیشانکردنی بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم بازرگانی ناوخۆیی و هەناردەکردن لەلایەن کار و بزنسە عێراقیەکانەوە و داڕشتنی ڕاسپاردەی کردارییی بۆ نەهێشتنی بەربەستەکانی بەردەم توانای هەناردەکردنی عێراق.

لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣، ڕێکخراوی IOM و نوێنەرانی دەزگا و دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی کەرتی تایبەت بەیەکەوە میوانداری وۆرکشۆپی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەیان کرد کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ڕێگری لە کار و بزنسە عێراقییەکان دەکەن لە هەناردەکردنی کاڵا و بەرهەمەکانیان.

ژمارەیەک کەس و لایەنی دیار بەشداریان لە وۆرکشۆپەکەدا کرد، لەوانە پارێزگاری سلێمانی و بەرپرسە سەرەکییەکانی وەزارەتەکانی حکومەت (بۆ لیستی تەواوی لایەن و دامەزراوە بەشداربووەکان، بڕوانە پاشکۆی هاوپێچکراو). دکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی، جەختی لەسەر ڕۆڵی گرنگی بەرهەمی ناوخۆیی لە گەشەی ئابوری عێراق کردەوە، هەروەها جەختیشی لە گرنگی پاڵپشتیکردنی بەرهەمە عێراقییەکان کردەوە. دکتۆر یۆکۆ فوجیمورا، بەرپرسی ئۆفیسی ڕێکخراوی IOM لە هەرێمی کوردستان، تیشکی خستەسەر توانا بەرفراوانەکانی هەناردەکردن  لە عێراقەوە، ئەمەش بە ئاماژەدان بەو سەرکەوتنانەی وەک لە هەناردەکردنی هەنگوین و هەنار بەدیهاتوون.

بە گفتوگۆ گەرم و گوڕەکانی نێوان بەرپرسانی حکومەت و خستنەڕووی دید و بۆچوونەکانی خاوەنکارەکان و کەسانی ئەکادیمی، وۆرکشۆپەکە شێوەی هاوکاری و هەماهەنگیکردنی ئەرێنی وەرگرت کە ئامانج لێی بەرەوپێشبردنی کەرتی هەناردەکردنی عێراق بوو. بە هەوڵ و کۆششە جەخت لەسەرکراوەکان و هەبوونی ستراتیژیەتێکی هاوبەش، عێراق دەتوانێت سوود لە بازاڕە جیهانییەکان وەربگرێت و سەرچاوە زۆرەکانی نێو ئەو بازاڕانە بۆ خۆشگوزەرانی و بەرەوپێشبردنی ئابوری بەکاربهێنێت.

## بەربەستەکانی بەردەم بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی

ا.  بەربەستەکانی سنووردارکردنی جوڵەی کەس و کاڵاکان

لە عێراقدا هەبوونی دیمەنی ئاڵۆزی بازرگانیکردن و بەربەستەکانی بەردەم جوڵەی کەسەکان و کاڵاکان دەبێتە هۆی ناسەقامگیری لە کارە بازرگانییەکاندا. زۆرجار پرۆسەی گواستنەوەی کەلوپەل و کاڵا لە ڕێگەی بازگەکانی نێوان شارەکانی عێراق دەبێتە هۆی تێچووی زیادە و دواکەوتن، ئەمەش لە پاڵ هەبوونی چەند ڕێککارێکی ناکۆک و ناتەبا لەگەڵ یەکتر کە دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و هاندانی هەندێک لە خاوەنکارەکان تا بەدوای ڕێگە نایاساییەکانی تێپەڕاندنی کاڵا و بەرهەمەکانیان دا بگەڕێن.

ئاستەنگەکانی بەردەم و بازرگانی و فرۆشتن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بریتین لە نەبوونی ڕێککەوتنی بەهێز و نەبوونی تاقیگەی سەرەکی لە خاڵە سنوورییە سەرەکییەکان بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوون و ڕەچاوکردنی پێوەر و ستاندارەکانی کوالیتی خۆراک و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان.

نەبونی هەماهەنگی و  ناتەبایی لە ڕێکارەکانی هەناردەکردن لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ تەواوی شوێنەکانی دیکەی عێراق، لەگەڵ نەبوونی پشکنینە تاقیگەییە ستانداردەکان، زەحمەتی زیاتر دروستدەکەن. ئەم ئاستەنگ و ئاڵنگاریانە، هاوکات لەپاڵ وەبەرهێنانی کەمی حکومەت لە ژێرخانی گواستنەوە دا، ڕێگری لە جوڵە ئازادانەی کاڵا و هاوڵاتیان دەکەن، ئەمەش نادڵنیایی بۆ خاوەنکارەکان دروست دەکات.

٢. بارگرانی ئیداریی

ڕێککارەکانی تۆمارکردن و نوێکردنەوەی مۆڵەت قورس و زەحمەتن و پێویستیان بە کات و تێچووی زۆرە. زۆرجار دەبێت خاوەنکارەکان هەر سێ مانگ جارێک داوای مۆڵەت بکەنەوە یان نوێیان بکەنەوە، ئەمەش بارگرانییەکی ناپێویست دروستدەکات. جگە لەوەش، نەبوونی ڕێنمایی ڕوونی هەناردەکردن، وادەکات خاوەنکاران بەرچاویان ڕوو نەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی بڕیاری تاکەکەسی یان بەربەست لە هەناردەکردنی بەرهەمەکانیاندا.

پێچوونی ماوەیەکی زۆر لە کاتی وەرگرتنی ڕەزامەندی، بە تایبەت بۆ شتومەکی خۆراکی، ئاستەنگەکان زیاتر دەکات. ڕاپۆرتی ڕەزامەندی پزیشکی مانگێک بۆ دوو مانگ دەخایەنێت، لەکاتێکدا وەرگرتنی بەڵگەنامەی گومرگی لە سنوورەکانی عێراق نزیکەی هەفتەیەک دەخایەنێت، وە ناردنەدەرەوەی کاڵای بەرهەمهاتوی ناوچەکانی دیکەی عێراق لە ڕێگەی سنورەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتی زیاتری ئەوێت لەبەر مەرجی گونجاندنی لەگەڵ ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێم. نەبوونی توانا و ژێرخانی پێویست لە خاڵە سنوورییەکان دەبێتە هۆی دواکەوتنی زیاتر وە ڕێگری لە بەرێکردنی کاڵاکان بەشێوەیەکی باش و لە کاتی خۆیدا دەکات.

سەرەڕای ئەوەش، یاسا و ڕێسا کۆنەکانی هەناردەکردن پێویستیان بە هەمووارکردنەوە هەیە بۆ ڕێکخستنی ئیش و کارەکان و پرۆسەکان و لابردنی بەربەستە ناپێویستەکان، وەک پێویستی نوێکردنەوەی مۆڵەتی هەناردەکردن هەر سێ مانگ جارێک. سندوقی پاڵپشتیکردنی هەناردەکردن لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕدا یەکناگرنەوە، لە کاتێکدا نووسراوی دانی باج، بە تایبەتی لەسەر ئاستی نیشتمانی زەحمەتە، ئەمەش وادەکات هەندێک لە کار و بزنسەکان ڕێگەی نایاسایی هەناردەکردن و فرۆشتن بگرنەبەر. نەبوونی هاوکاری و هەماهەنگی و نەبوونی سیستەمێکی یەکگرتوو لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق، بازرگانان و خاوەنکاران ناچار دەکات لە هەر شوێنێک بە جیا ناوی خۆیان تۆمار بکەن بۆ ئەوەی مامەڵەکانیان ڕاپیبکەن، ئەمەش جەخت لەسەر پێویستی باشترکردنی هەوڵەکانی هاوکاری و هەماهەنگیکردن دەکاتەوە.

٣. بەربەستە ئابوورییەکان

بەربەستە ئابوورییەکان بریتین لە تێچوون و هەبوونی کەموکوڕی کە ڕێگری لە ڕەوتی بازرگانی دەکەن بە سنووردارکردنی توانا و گیانی کێبڕکێی لەنێوان کار و بازرگانییە عێراقییەکان. ئەمە لە کاتێکدا هەناردەی عێراق لە ٩٧,٦ ملیار دۆلارەوە لە ساڵی ٢٠١٨ بۆ ١٣٣,٩ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠٢٢ زیادیکردووە، بە ڕێژەی گەشەکردنی ٨,٢٪، هەناردەی نەوت زیاتر لە ٩٥٪ی کۆی گشتی هەناردەکردنی پێکهێناوە بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراق. زۆرێک لە کاڵا بەرهەمهێنەرانی عێراق کێشە و گرفتی ڕکابەریکردنیان لەسەر ئاستی بازاڕەکانی ناوخۆی و بازاڕە جیهانییەکان هەیە. تێچووی بەرهەمهێنانی کاڵا لە کارگەکان زیادەکات بەهۆی نەبوونی پاڵپشتیکردنی تەواو لێیان و ناسەقامگیری بازاڕ، کە هۆیەکەی بۆ بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار دەگەڕێتەوە. کێشە و زەحمەتییە لۆجستییەکانیش دەبنە هۆی کەمی بەرهەمهێنان و کەمی کۆگاکردن و هەڵگرتنی ئەو بەرهەمانە، لە گەڵ ئەوەش دا جیاوازی لە دانی باج لە نێوان شوێنێک و شوێنێکی دیکە و سیاسەتی ناتەندروستی هاوردەکردن دۆخەکە ئاڵۆز دەکەن و ڕێگری و ئاستەنگ لەبەردەم گەشەسەندن و وەبەرهێنان دەکات. کەمی کرێکاری شارەزا و لێهاتوو لە ناوخۆ دا و هەبوونی مەرج و ڕێککار لەسەر دامەزراندن و خستنە سەرکاری کرێکارانی بیانی و کۆچبەر، زیاتر بەرهەمهێنان سنوودار دەکات. کرێیە ناڕوونەکانی گومرگ بارگرانی زیاتر دەکات، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ زۆری تێچووەکانی هەناردەکردن، لەوانەش کرێ و باج و خەرجییەکانی گواستنەوە.

٤. بەربەستەکانی زانین

بەربەستەکانی زانین ڕێگری لە ئەنجامدانی بازرگانی دەکەن بە سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکانی پەیوەست بە بازرگانیکردن و ئەنجامدانی هەماهەنگی لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی. لەوانەش، نەبوونی هەماهەنگی باش لەنێوان حکومەت و شوێنەکان و سەرکەوتوو نەبوون لە جێبەجێنەکردنی یاساکانی پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان. سەرەڕای ئەوەش، نەبوونی هەڵمەتی هۆشیاری بەپێی پێویست وادەکەن هەندێک لە کار و کۆمپانیا و بازرگانییەکان لە ئامراز و سەرچاوە بەردەستەکان و مەرج و پێداویستییەکانی هەناردەکردن بێئاگابن. کار و بزنسەکان ئامراز و سەرچاوەیان نییە کە یارمەتیان بدات بۆ دەستنیشانکردن و بەئامانجگرتنی بازاڕە تایبەتەکانی هەناردەکردن، هەروەها تا یارمەتیان بدات لەو ڕێنماییانەی کە پێوەر و ستانداری ڕوونی بەرهەمهێنان بۆ بەرهەمە عێراقییەکان دیاریدەکەن. پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە بۆ پەرەپێدانی گەشەی بازرگانی و گەشەسەندنی ئابوری لە عێراقدا زۆر گرنگە.

# پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

## پێشنیازە کورتخایەن و کورت مەوداکان

### کارئاسانیکردن بۆ جوڵە و هاتووچۆی کەسەکان و کەلوپەلەکان

- ئەنجامدانی ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ تا ڕێگە بە هاتووچۆ و ئاڵوگۆڕی بارهەڵگری بازرگانی نێوانیان بدرێت.
- ئاسانکردنی ڕێککارە گومرگییەکان بۆ کەمکردنەوەی کرێ و کاتی هاوردەکردنی کەرەستەی خاو لە وکار و پیشەسازیانەی هەناردەکردنەکانیان ستراتیژین.
- پێداگریکردن لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ڕێسا و یاسا بەرکارانەی ئاسانکاری بۆ هاتووچۆی ئازاد و بێ بەربەستی کاڵاکان لە ناوخۆی عێراقدا دەکەن.

### کارئاسانیکردن لە ڕێککارە ئیدارییەکان

- یەکخستنی میکانیزمەکانی تۆمارکردن و پەسەندکردن بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی هەناردەکردن.

### چارەسەرکردن و نەهێشتنی بەربەستە ئابورییەکان

- دارشتنی پلانێکی کار بەمەبەستی کەمکردنەوەی تێچووی کەرەستە و پێویستی چاندن و خزمەتگوزارییە کشتوکاڵییەکان، لەوانەش وزە و گواستنەوە، ئەمەش بۆ باشترکردنی توانای کێبڕکێی جووتیارانی عێراق.
- لێخۆشبوونی باج و گومرگ بۆ هاوردەکردنی کەرەستەی خاو و هەناردەکردنی بەرهەمی کەرتە گرنگ و ستراتیژییەکان.

### بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان

- هەڵمەتی هۆشیاری دەربارەی هەناردەکردن بە ڕابەرایەتی و ڕۆڵبینینی حکومەت و کەرتی تایبەت و پێشانگا و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان.
- باشترکرنی هەماهەنگییەکان لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی بۆ ئەو بەرهەمە عێراقیانەی کە هەناردەی دەرەوەی وڵات دەکرێن، بە فێربوون لە دەستپێشخەری و ئیش و کارەکانی پێشوو. .
- هۆشیارکردنەوە و ئاشناکردنی بازرگانان و خاوەنکاران بە بڕوانامە و تایبەتمەندییە نێودەوڵەتییەکان.
- باشترکردنی ئاستی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکانی پەیوەست بە وەرگرتنی قەرز و لێخۆشبوونی گومرگی و هاوردەکردنی کەرەستەی خاو.

## ڕاسپاردە درێژ خایەن و دوور مەوداکان

### کارئاسانیکردن بۆ جوڵە و هاتووچۆی کەسەکان و کەلوپەلەکان

- جێبەجێکردن و پابەندبوون بە ڕێککەوتنە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان ئەمەش بە هاوکاری لەگەڵ لایەن و هاوبەشە پەیوەندیدارەکان، وەک سەنتەری بازرگانی نێودەوڵەتی.
- دانانی تاقیگەی باوەڕپێکراو و دانپێدانراوی نێودەوڵەتی بۆ پشکنینی کوالیتی خۆراک و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە ناوخۆی عێراق و لەسەر سنوورەکان/خاڵە سنوورییەکان.
- - تەواوکردنی ژێرخانی لۆجستی ستراتیژی، وەک بەندەری گەورەی فاو و ڕێگای گەشەپێدانی عێراق، بەوشێوەی کە لە پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی حکومەتی عێراقدا هاتووە لە ساڵی ٢٠٢٤-٢٠٢٨.

### کارئاسانیکردن لە ڕێککارە ئیدارییەکان

- هێنانی چارەسەری تەکنەلۆژیای بۆ ئاسانکاریکردن و خێراکردنی وەرگرتنی ڕەزامەندی و ئەنجامدانی ڕێککارە کارگێڕییەکان.
- دروستکردنی پلاتفۆرمی دیجیتاڵی/ئەلکترۆنی بۆ یەکخستنی وەرگرتنی مۆڵەت و ڕێگەپێدانی هەناردەکردن و بڕوانامەی تاقیگە.
- دروستکردنی بارکۆدی تایبەتی پەیوەست بە مافی پارێزگاریکردن لە بەرهەمی ناوخۆیی.
- پێداچوونەوە و ئاسانکردنی ڕێسا و یاسا بەرکارەکانی ئێستای پەیوەست بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردن، لەنێویشیان دا، لابردنی مەرجی نوێکردنەوەی مۆڵەتی هەناردەکردن بۆ هەر سێ مانگ جارێک.

### چارەسەرکردن و نەهێشتنی بەربەستە ئابورییەکان

- پێداچوونەوە و کاراکردنەوە و جێبەجێکردنی یاسای سندوقی پشتگیری هەناردەکردن-ی ژمارە ٦ی ساڵی ١٩٦٩.
- داڕاشتنی سیاسەتێکی یەکگرتوو بۆ ڕاهێنان و باشترکردنی هێزی کاری نیشتمانی/ناوخۆیی بە مەبەستی زیادکردنی بەرهەمی کار و هەبوونی توانای کێبڕکێی بەرهەمهێنەرانی عێراق لەنێو بازارە نێودەوڵەتییەکان دا.
- دانانی سیاسەتێکی کار و پیشەسازیی هاوئاهەنگی بۆکراو بەمەبەستی پەرەپێدانی زنجیرە بەهای بەردەوام کە فراوانکردنی ژێرخانی و توانای بەرهەمهێنان و بە ستانداردکردنی بەرهەمهێنان و لەپاکەتکردن و گواستنەوە و بە بازاڕکردن بگرێتەوە، ئەمەش بۆ زیادکردنی متمانەی نێودەوڵەتی بە بەرهەمە عێراقییەکان.

### بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان

- دروستکردنی داتابەیسی هەناردەکارانی عێراقی بۆ باشترکردنی ئاستی هاوکاری و هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕکردن.
- داڕشتن و دانانی سیاسەتی نیشتمانی هاوئاهەنگ بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمە عێراقییەکان لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و ئامادەکردنی پلانێکی ستراتیژی کارکردن ئەمەش بە هاوکاری لەگەڵ نوێنەرانی کەرتی تایبەت.






## پاشکۆ: لیستی بەشداربووانی ئەو وۆرکشۆپەی کە لەسلێمانی ئەنجامدرا

پارێزگاری سلێمانی

ئەمینداری ئەنجومەنی وەزیران، لیژنەی کارئاسانیکردنی ڕێککارەکانی حکومەت

وەزارەتی پلاندان، بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتە ئابورییەکان

وەزارەتی بازرگانی، بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی بازرگانی و هەناردەکردن

وەزارەتی پیشەسازی، بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی

وەزارەتی دارایی، فەرمانگەی ئابوری

وەزارەتی تەندروستی، فەرمانگەی تەندروستی گشتی

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی پارێزگای هەولێر

وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاوێژکاری باڵا

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی چاودێریکردنی خۆراک

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزارییە کشتوکاڵییەکان

یەکێتی ژوورە بازرگانییەکانی عێراق

یەکێتی پیشەسازییەکانی عێراق

یەکێتی کارگەکانی ئاش و هاڕینی عێراقی

ژووری بازرگانی بەغدا

یەکێتی هەناردەکاران و هاوردەکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق

زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی

پانزدە خاوەنکار لە سەرانسەری عێراق

ڕێکخراوی IOM

# هەناردەکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکان

## ئاستەنگەکان و چارەسەرە پێشنیازکراوەکان

A2F Access to Finance

Implemented by: KFW

التعاون الألماني
DEUTSCHE ZUSAMMENARBEIT

IOM
ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ